# ئەم ئاگرە دوژمنی ئێوەیە، ئەگەر خەوتن؛ بیکوژێننەوە

لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: خانوویەک سووتا لە مەدینەدا ودانیشتووانەکەی لە نێویدا بوون، کاتێک حاڵی ئەوان بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسکرا، فەرمووی: «ئەم ئاگرە دوژمنی ئێوەیە، ئەگەر خەوتن؛ بیکوژێننەوە».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ماڵێک لە مەدینەدا سووتا لە شەودا، هەواڵی گەیشت بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وپێیانی فەرموو ئەم ئاگرە دوژمنی خاوەن ماڵ ومرۆڤن ئەگەر خۆیان نەپارێزن لە شەڕ وبڵێسە وسووتاندنی، پاشان فەرمانی پێکردن -صلى الله عليه وسلم- بەوەی ئەگەر خەوتن بیکوژێننەوە بۆئەوەی نەسووتێن وتووشی زیان نەبن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4235

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee